ب. ئەگەر گشتی بوو ئەوا دەبێت کارمەندی پسپۆڕیەکانی پێویست لەو نوسینگەیە کاربکەن یا بەشێوەی گرێبەست لەگەڵیان یا لەگەڵ لایەنێکی زانستی مۆلەت پێدراو کە دیاری بکرێت .

ج. ئەو کەسانەی کاردەکەن بەپێی بەندی( أ ، ب ) لە بڕگەی (2)ی سەرەوە دەبێت هەمان مەرجی خاڵی (1) یەکەمیان تێدابێت.

3. نوسینگە دەبێت ، تاقیگەی هەبێت کەکارمەندی پسپۆڕکاری تێدا بکات بۆ شیکردنەوە و دەستنیشانکردن ( تحليل و تشخيص ) .

4. دەکرێت شوێنی نوسینگە لەسەنتەری (پارێزگا ، قەزا ، ناحیە ) دابمەزرێت.

5. دەبێت نوسینگە لە ژێر چاودێری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کار بکات .

**ماددەی ( 3 ) :** کار بەم ڕێنماییە دەکرێت لە ڕۆژی بلاۆکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وقایعی کوردستان.

**عبدالستار مجيد قادر**

**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ژمارە :** 176/3/4 **لە** 2015/1/12

**بەیان**

پاڵپشت بەحوکمی ماددەی(8)ی لە یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 1999 (یاسای بلاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) و لەبەر ئەوەی هەڵەیەك لە برگەی (یەکەم) لە بڕیاری ژمارە (31)ی ساڵی 2014 روویداوە.

**هەڵەکەش بەم شێوەیە :**

**یەکەم:** متماندان بە هەریەك لەم بەڕێزانەی خوارەوە وەك ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیاران لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی.

**بۆیە بە پێویست زانرا بەم شێوەیە راست بکرێتەوە:**

**یەکەم:** هەڵبژاردنی هەریەك لەم بەڕیزانەی خوارەوە وەك ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیاران لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی.

**فخرالدين قادر عارف**

**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

---

**ئە نجومەنی وەزیران**

**ژمارە :** 299 **لە** 2015/1/14

**بـەیـان**

پشت بەحوکمی ماددەی (8)ی یاسای بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) ژمارە (4)ی ساڵی ١٩٩٩، لەبەر ئەوەی هەڵەی چاپ لە پەیڕەوی (ماڵەکانی بەساڵاچووان) ژمارە (2)ی ساڵی 2013دا هەیە ، بۆیە بە پێویست زانرا هەڵەکانی ڕاست بکرێتەوە و دەقەکان بەم شێوەی خوارەوە بخوێندرێتەوە و لەرۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو بکرێتەوە.

1- پێناسەی سەنتەری ڕۆژانە لە بڕگەی (هەشتەم ) لە ماددەی (یەکەم ) لە پەیڕەوەکە زیاد دەکرێت بەم شێوەیە (هەشتەم: سەنتەری ڕۆژانە بریتی یە لەوشوێنەی کە بەساڵاچووان کاتەکانی ڕۆژانەی خۆیان تیادا بەسەر دەبەن و پێداویستیەکانی کات بوێردن و ڕۆشنبیری بۆیان دابین کراوە).

2- لە بڕگەی (دووەم) لە ماددەی(شەشەم) ی پەیڕەوەکە هاتووە (ب) نیە بەڵکو (ج)ە، بەم شێوەیە (دووەم : بەرچاو گرتنی باری (جستەیی و کۆمەڵایەتی ) بۆ ئەوەی هەڵاوێردن بکرێت لە خاڵی (ج) ی بڕگەی یەکەمی ماددەی (5) .

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەیانی ژمارە ( 1 ) ساڵی 2015**

ئاماژە بەنوسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (24838لە 2014/12/9) بریارماندا:-
بە پەسەندکردنی حەرەمی نوێی گوندی ( تەپە شوانکارە ) سەر بە قەزای ناوەندی سلێمانی / بازیان و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ بەرووبەری (65) دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (13)لە کەرتی 6/ تەپە شوانکارە) بەپێی یاسای کاری کوژانەوەو دەست هەڵگرتن .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە رێکەوتی 2015/1/11.

**بەیانی ژمارە ( 2 ) ساڵی 2015**

ئاماژە بەنوسراوی پارێزگای دهۆك ژمارە (7276لە 2014/12/18 ) بریارماندا:- بە پەسەندکردنی حەرەمی گوندی (میردینکێ ) سەر بەقەزای ناوەندی دهۆك / ناحیەی زاوێتە و بەرووبەری (3) دۆنم و (7) ئۆلك .
ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە رێکەوتی 2015/1/11.

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**